# کەرکوکی دڵم      ئەحمەد دەشتی

کوردوستان مەگری دایەگیان مەگری
بۆڕۆلەت کەوا سەربەرز دەمری

خاکی زێڕین و کانی نەوتی تۆ
سەرمایەی ژیانە بۆ ڕزگاری تۆ

بلێسەی گەشی بابە گوڕگوڕم
گڕ بەر ئەداتە دوژمنی دڕم

دەمەگری دایە بەو دڵەی زێڕین
بۆ شاری جوانی کەرکوکی برین

هەروا نابێتن کورد بێچارەبێ
لە لانەی ژیانی وا ئاوارە بێ

زۆری نەماوە بابە گوڕگوڕم
دەسوتێنێتن نەیاری وڕم

هاکا باوەڕی دڵێرانی کورد
دوژمنی سوتاند بە درشت و ورد

دەبێ دڵی خاک هەرسەربەخۆ بێ
ئەگەرنا خوێنمان لە ڕەگمان نابێ

سەر چاوەی خوێن و ژیانمان دڵە
گەر دڵیش نەبێ مەرگ سەرچلە

کوردینە وەرن با چیتر نەگرین
دوژمن قاو بدەین بۆ یەکتر بمرین

با چیتر دڵی کوردو کوردستان
نەچەوسێتەوە وا لە ژێر دەستان

ڕزگاری کەرکوک سەرچاوەی ژینە
سەربەخۆ بوون و هەتوانی برینە

دەبێ کوردســـــتان ســــەربە خۆببێ
پایتەختی کوردیش شــــــاری دڵم بێ

وەرن هەمووومان تەنیا هــــەر کوردبین
دژ بە نەیـــــــــاران کوردستانی بین

چی هەستی تەســـک و زیان بە کوردە
با نەفرینی کەین لەم خاک و هـــــەردە

کوردایەتیبێ  بیر و مەبەســـــــــتمان
بکەینە قوربان حزب و گشت هەستمان

هەرکەسێ هـــــەلی کــورد لە ناو ببات
خیانەت دەکاو  کورد ڕیســـــوا دەکات

*